# نووسراوی بۆچوون و هەڵوێستەکان لەسەر قەرەبووکردنەوە

**ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە خوارەوە واژۆیان کردووە و کار دەکەن بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی ئاشتەوایی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق،**

لەژێر ڕێنمایی جارنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، ڕێککەوتنی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، ڕێککەوتنی دژی ئەشکەنجە و مامەڵە و سزای تری توند و نامرۆڤانە و شکۆشکێن، هەر ئامراز و نووسراوێکی تری پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و شکۆی مرۆڤ،

دوای بینینی چەندین مرۆڤ کە ئازاری زۆر دەچێژن بەدەست ئەو کردەوە دڕندانەی دەبنە هۆی پێشێلکاریی توندی یاسای مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ و پێشێلکاریی گەورەی یاسای نێودەڵەتیی مرۆیی،

بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە دواخستنی بەدیهێنانی دادپەروەریی خۆی لەخۆیدا ڕێگریکردنەوە لە بەدیهاتنی دادپەروەری،

بە دانان بە ئازاری ئەو قوربانییانەی کە بەهۆی تاوانی زۆر وەحشییانەی بەناو دەوڵەتی ئیسلامییەوە (داعش) بوونەتە قوربانی و ئەو تاوانانەی بەرامبەریان کراون تا ئاستی جینۆساید ڕۆیشتوون.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە خستنەلاوەی خەم و داواکارییە یاساییەکانی قوربانییان و ڕزگاربووان ناتوانن ببنە هۆی بەردەوامبوونی ئاشتی لە هەرێمەکەدا،

بە جەختکردنەوە لەسەر پێویستیی و گرنگیی هەبوونی ئەو پرۆگرامانەی ڕۆڵیان دەبێت لە فەراهەمکردنی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەی خەڵک و پێکهاتەکانی عێراق،

بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە جیاوازییە کلتووری و نەتەوەیی و ئایینییەکانی ناو عێراق خۆی لە خۆیدا شتێکی بەنرخە و زامنی مانەوەیە،

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە تەنیا ستراتیژێکی گشتگیر و فراوانی تایبەت بە دادپەروەریی قۆناغ-بە-قۆناغ دەتوانێت ئەوە برینانەی قوربانییان و خێزانەکانیان و پێکهاتەکانیان ساڕێژ بکات کە بەهۆی کاری وەحشییانە و توندوتیژەوە تووشیان بوون،

داوا لە دەسەڵاتدارانی عێراق دەکەین ( فیدرالی و هەرێمی کوردستان) کە:

**بەشی یەکەم**
**داواکارییە بنەڕەتییەکان**

پرۆگرامێک یان زیاتر لە پرۆگرامێکی گشتگیری بەڕێوەبردن دروست بکرێن کە ئامانجیان دابینکردنی قەرەبوو بێت بۆ قوربانییان بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.

دەبێت قوربانییان مافی ئەوەیان هەبێت لەڕێ ڕێکارە یاساییەکانی ترەوەش، داوای قەرەبوو بکەن، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە بەڕوونی گوترابێت مافی داواکردنی قەرەبوویان نییە. نابێت داواکردنی قەرەبوو لەچوارچێوە پرۆسە مەدەنی و جینائی و ئیدارییە پەیوەندیدارەکاندا سنووردار بکرێت.

**بەشی دووەم**
**دەستنیشانکردنی سوودمەندان**

هەموو ئەو خەڵکە مەدەنییانە بە قوربانیی هەژمار دەکرێن کە ڕاستەوخۆ ئازاریان چەشتووە بەهۆی ئەو کارانەوەی کە بوونەتە هۆی پێشێلکردنی گەورەی مافە مرۆییەکانیان و لەسەر دەستی **لایەنەکانی ناو شەڕی داعش** لە عێراقدا و لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨ ڕوویان داوە.

دەبێت هەموو قوربانییان دەرفەتی ئەوەیان بدرێتێ دەستیان بگات بە قەرەبووکردنەوە. بۆ ئەوەی دەستیان بگات بەو سوود و خزمەتانەی لەچوارچێوەی پرۆگرامی قەرەبووکردنەوەکەدا پێشکەش دەکرێن، خێزانی پلەیەک (دەبێت ئەمە بەلای کەمەوە دایک و باوک، باپیر و نەنک، خوشک و برا، هاوسەر، منداڵ بگرێتەوە) یان نەوەی ئەو قوربانییانەی کە مردوون یان بێسەرشوێنن (ئەوانەی پێیان دەوترێت "قوربانیی ناڕاستەخۆ") دەبێت ئەوانیش وەک قوربانیی هەژمار بکرێن. ئەو منداڵانەیش کە کراونەتە سەرباز بە قوربانیی لەقەڵەم دەدرێن.

**بەشی سێیەم**

بەشدارییپێکردنی قوربانیان لە پرۆسەی ڕاوێژکردن و دارشتن و جێبەجێکردنی پرۆگرامی قەرەبووکردنەوەکە

بەشدارییپێکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەتایبەت ئەوانە نوێنەرایەتی قوربانییان و ژنان و کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان دەکەن، لە پرۆسەی گفتوگۆکردن و دارشتن و جێبەجێکردنی پلانی قەرەبووکردنەوەی واقیعی و گونجاو.

**بەشی چوارەم**
دیارییکردنی لەپێشینەکان

سوودمەندبوونی قوربانییان بە چەندین جۆری جیاواز بەپێی جۆر و ماوەی ئەو پێشێلکارییەی بەرامبەریان کراوە، هەروەها سەختیی و دەرئەنجامەکانی ئەو ئازارەی دووچاری بوونەتەوە، لەگەڵ هەندێک هۆکاری پەیوەندییداری دیکە.
ئێمە ئەم گروپانەی خوارەوە بە لاوازترین دادەنێین، هەر بۆیە پێمان وایە پێویستیان بەوەیە لە کاتی دانان و جێبەجێکردنی قەرەبووەکان لەپێش گروپەکانی دیکەوە بن.

ئەوانەی هەر لە بنەڕەتدا لەوانی دیکە لاوازترن

- منداڵان بە گشتی ، لەوانە ئەو مندالانەی کە بەزۆر خراونەتە سەر خێزانێکی تر یا ئەو منداڵانەی کە لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسی لەدایک بوون، نازداران(الایتام)، ئەو منداڵانەی کراون بە سەرباز هەروەها ئەو منداڵانەی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسین تایبەت بە ململانێی سەربازیی وە ئەو منداڵانەی ئایدۆلۆژیایەکیان فێر کراوە.
- ئەو بێوەژنانەی کە هاوسەرەکانیان کوژراون یا بێ سەرو شوێن بونە لە ماوەی پێکدادانەکانی داعش لە عێراق
- ئەو خێزانانەی تاکە بەخێوکەریان کوژراوە یان ڕفێندراوە.

ئەوانەی بەتایبەت لەدژیان تاوانی گەورە کراوە یان چەندین جۆری جیاواز لە تاوان کە دەرئەنجامی قورسیان هەبووە

- توندوتیژیی سێکسی درێژخایەن و یان توندوتیژیی سێکسی سەختی پەیوەندییدار بە ململانێی سەربازییەوە (CRSV)
- ئەوانەی دووچاری چەندین جۆر پێشێلکاری بوونەتەوە (قوربانیی ڕاستەوخۆی ئەشکەنجە/ توندوتیژیی سێکسی پەیوەندییدار بە ململانێی سەربازییەوە, ئەوانەی ئەندامانی خێزانەکەیان کوژراون یان دیار نەماون)
- ئەشکەنجەی درێژخایەن، بەتایبەت شێوازە سەختەکانی ئەشکەنجە.
- کەسوکاری ئەو کەسانەی بێسەروشوێنن
- ئەوانەی پەلێکیان پەریوە یان ئەندامێکی جەستەیان لەدەست داوە یا جەستەیان شێوێندراوە، لەگەڵ ئەوانەی ئەو جۆرە زیانە دەروونییە سەختانەیان پێ گەیشتووە کە چاکبوونەوەیان نییە.

- **ئێمە کۆمەڵێک گروپی دیکەی منداڵانی قوربانییمان کردووەتە ناو لیستەکەوە، ئەمەش لەسەر داوای ڕێکخراوی ئازادیی و ئاشتی.**

**بەشی پێنجەم**

مەودای جوگرافی

قەرەبوو پێشکەش بەو کەسانە بکرێت کە بەهۆکای پەیوەندیدار بە ململانێکانەوە تووشی پێشێلکاریی گەورەی مافەکانی مرۆڤ بوونەتەوە لە عێراق یا دواتر بۆ دەرەوەی عێراق گوزراونەتەوە لەماوەی ململانێکانی داعشدا.

## بەشی شەشەم

### مەودای کاتی

بەلای زۆر کەمەوە، دەبێت پرۆگرامەکە قوربانییەکانی ناو مەودای ململانێکانی داعش بگرێتەوە لە رێکەوتی2014/6/9 ەوە تا 2017/12/9 کاتێک داعش بەشێوەیەکی کاریگەر بەشێک لە خاکی عێراقی داگیر کرد.پێشێلکاریە گەورەکانی داعش لە سەرەتای سالی 2014 کە وەکو پێشینەیەک وابون بۆ کردەوە قێزەونەکانی تریان دوای 2014/6/9 پێویستە بخرێنە چوارچێوەی قەرەبوکردنەوە. ئەو کەسانەیش دەبێت هەر وەک قوربانیی ئەژمار بکرێن کە لەو ماوە دیاریکراوەدا دەستگیر کران و دوای ساڵی ٢٠١٧ ئازاد کران یان هێشتا ئازاد نەکراون .

## بەشی حەوتەم

### شێوازەکانی قەرەبووکردنەوە

لەو پرۆگرامانەی قەرەبووکردنەوەدا کە لە داهاتوودا دروست دەبن، بەشێوەیەکی هاوسەنگ تێکەڵەیەک لە قەرەبووی تاکەکەسی و گشتی ببەخشرێت. هۆکاری ئەمەیش ئەوەیە کە تاکەکەسەکان و کۆمەڵگەکانیش هەردووک پێکەوە کراونەتە ئامانج.

هەرچەندە قەرەبووکردنەوەی مادی گرنگە، بەڵام نابێت وەک تاکە ئامرازی سارێژکردنی ئەو زیان و ئازارانە تەماشا بکرێت کە قوربانییان چەشتوویانن. دەبێت لە پرۆگرامە قەرەبووکردنەوەکانی داهاتوودا، سەرەڕای قەرەبووکردنەوە و سودی مادی، قەرەبووکردنەوەی مۆراڵی و سونبولیش پێشکەش بکرێن.

## بەشی هەشتەم

هەموو فۆرمەکانی قەرەبووکردنەوە پێشکەش بکرێت، بە مانایەکی تر، هەموو ئەو قەرەبووکردنەوانەی دەکەونە چوارچێوەی ئەم خاڵانەی خوارەوە

## 8.1 گەڕاندنەوەی قوربانییان بۆ دۆخی پێش پێشێلکارییەکان

هەموو هەوڵێک بدرێت بە ئامانجی گەڕاندنەوەی قوربانییەکە- ئەوەندەی دەکرێت- بۆ ئەو دۆخە ئاساییەی پێش ڕوودانی پێشێلکارییە نێودەوڵەتی و مرۆییەکانی بەرامبەری. دەکرێت هەوڵەکان ئەمانە بگرنەوە بەڵام هەر تەنیا ئەمانەش نین:

- هەڵگرتنەوەی مین و هەر جۆرە تەقەمەنییەکی تر لە ناوچەکانی زیانی هاولاتیان
- رزگارکردن یان دەستنیشانکردنی شوێنی هەموو ئەوکەسانەی کە بێسەروشوێنن
- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتیان لە کاتی گەڕانەوەیاندا
- ڕێکخستنی گەڕانەوەیەکی سەلامەت بۆ هەموو ئەوکەسانەی لە ناوخۆی وڵاتی خۆیاندا ئاوارە بوون بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان
- گەڕاندنەوەی ئەو زەوی و ماڵ و موڵکانەی دەستیان بەسەردا گیراوە و تاک و خێزانەکانی سەریان ناچار بە ڕاکردن و ئاوارەبوون کراون بۆ ناوچەی ململانێکان
- نۆژەنکردنەوە/دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو ماڵ و موڵکە کەسییانەی لە ململانێکاندا تێکچوون/ خاپووربوون
- دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری بۆ ئەوەی بتوانرێت خزمەتگوزارییە گشتییەکان دووبارە دابین بکرێنەوە
- ئەگەر کەسەکە کارەکەی لەدەست دابێت، دووبارە گەڕاندنەوە بۆ سەر کار/ پۆستی پێشوو ئەگەر ئەمەش نەکرا، خستنە سەر کارێک کە وەک هەمان ئەوەی پێشووی خۆی بێت

## 8.2 قەرەبووکردنەوەی مادی

ئەوەندەی دەکرێت قەرەبووی قوربانییان بکرێتەوە بۆ هەر زیانێکی ماددی کە بەهۆی پێشێلکارییەکانی یاسای مافەکانی مرۆڤەوە تووشیان هاتووە، جا زیانەکە فیزیکی بێت یان دەروونی، هەڵیک بێت و لەدەستیان چووبێت، کەلوپەلێکیان بێت و تێکشکابێت، پاشەکەوت و پارەکانیان بێت و لەدەست چووبێت، یان زیانی مۆڕاڵی بێت. دەبێت بڕی قەرەبووکردنەوە هاوسەنگ بێت لەگەڵ توندیی پێشێلکارییەکان.

ئەو بڕە دیاریکراوەی دەدرێت دەبێت بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێی پلانی داهاتەوە . بەپشت بەستن بە جۆری ئەوکەیسانەی لەبەر دەستدان، دەبێت ڕێگای دیکەی قەرەبووکردنەوەی قوربانیان بگیرێتە بەر وەک دابینکردنی هەلی ئابووریی بچووک . پێدانی بڕێک پارە بە یەک جار .

COALITION FOR JUST REPARATIONS

Jiyan Foundation for Human Rights

**8.3 ڕاهێنانەوە**

دابینکردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی ڕاهێنانەوە بۆ قوربانییان و ئەگەر پێویستیشی کرد، بۆ ئەندامانی خێزانەکانیشیان بە ستانداردێکی باش و لەو شوێن و ناوچانەدا کە دەست دەیانگاتێ. پێویستە خزمەتگوزارییەکان هەر تەنیا پزیشکی و سایکۆلۆژی نەبن و بەلایەنی کەمەوە ئەمانە بگرنەوە:

- خزمەتگوزارییەک کۆمەڵایەتییەکان (چەند خزمەتگوزارییەکی جیاجیا دابین بکە بۆ ئەوەی هەستی پەراوێزخستن لای قوربانی برەوێتەوە کە هەستێکە زۆربەیان ئەزموونی دەکەن. پێویستە قوربانییان بەلایەنی کەمەوە دەستیشیان بگات بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی وەک خانوو، چاودێریی تەندروستی، هتد.)
- هاوکاریی یاسایی (پێویستە هەر بابەتێکی یاسایی بخرێتە پلانی کارەوە کە سەرچاوەی دەگرن یان پەیوەندیدارن بە پلەی قوربانییەکەوە وەک دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی تر، داواکردنی قەرەبوو لە دادگا، بەشداریکردن لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تۆمەتبارەکان، هتد.)
- دابینکردنی پشتگیریی بۆ دایکانەی منداڵەکانیان بەهۆی دەستدرێژییەوە دروست بوون، ئەگەر ویستیان پێکەوە بژین بەسەربەخۆیی لە دەرەوەی کۆمەڵگەکەی خۆیان ٣،٣
- پەروەردە (دابینکردنی چانسی پەروەردە و خوێندن بۆ قوربانییان یان زەماڵەی خوێندن بۆ منداڵەکانیان)،
- ڕاوێژکاریی خێزانی (پرۆگرامێک بۆ پێدانی زانیاری و ڕێنمایی پرۆفێشنەڵانە بە ئەندامانی خێزان لەسەر زاڵبوون بەسەر ڕووداوێکی قورسی دەروونیی دیاریکراو)،
- هەموارکردنەوە ئەو یاسا کەسێتییانەی پەیوەندیدارن (یاسای شوناسی نەتەوەیی) بەم بابەتەوە بۆ ئەوەی ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسییەوە دروست بوون ئایینەکەیان دیاری بکرێت
- ڕاهێنانی پیشەیی (ڕاهێنانێک کە بتوانێت یارمەتی قوربانییان بدات تا دووبارە بچنەوە سەر کاری گونجاو)

**8.4 قایلکردن( دڵدانەوە)**

ژمارەیەک قەرەبووکردنەوەی نامادی یان سیمبۆلی پێشکەش بە قوربانییان بکە بەتایبەت ئەو جۆرە قەرەبووکردنەوانەی بەتایبەت بۆ قایلکردن و دڵدانەوەی قوربانییانن وەک:

- بەشدارپێکردنی گونجاوی قوربانییان لە هەر ڕێکار و دادگاییەکدا کە بۆ لێکۆڵینەوەی کارکردن بێت لەسەر ئەو تاوانانەی بەرامبەریان کراون،
- دۆزینەوەی تەرم و گۆڕی هەموو ئەوانەی مردوون و گەڕاندنەوەیان بۆ کەسوکاریان و ڕێکخستنی مەراسیمێکی گونجاوی بەخاکسپاردن بۆیان،
- ناساندنی هەندێک ڕووداوی دیاریکراوی وەک تاوانەکانی جەنگ، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، جینۆساید، وەک تاوانی نێودەوڵەتیی،
- دەرکردنی نووسراوێکی فەرمیی داوای لێبوردن هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لەلایەن لایەنە حکومییەکانەوە لەبەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا لەلایەن دەزگا حکومییەکانەوە، یان داوای لێبوردنکردن لەبەرامبەر نەبوونی توانا بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی کارەساتەکان لەسەر دەستی لایەنە ناحکومییەکان،
- دروستکردنی داتابەیسێک بۆ ئەو زانیارییە کەسییانەی بەردەستن لەسەر ئەو ژن و کچانەی بێسەروشوێنن و وەرگرتنی هەموو زانیارییە پێویستەکان لەسەریان وەرگرتنی نمونەی *DNA*، هەروەها وەرگرتنی زانیاری لەسەر کەسوکاریان بۆ ئەوەی بەڵکودەوڵەت لەو ڕێگەیەوە بتوانێت ونبووەکان بدۆزێتەوە،
- یادکردنەوە (بنیاتنانی مۆنۆمێنت و دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ یادکردنەوە و ڕێزنان لە قوربانییان)،
- باسکردنێکی وردی هەموو پێشێلکارییەکان و ئەو باردودۆخانەش کە بوونە هۆی ڕوودانیان لەناو پرۆگرامەکانی خوێندنی هەموو قۆناغەکاندا بە ئامانجی ڕێگەگرتن لە ڕوودانی توندوتیژی لە داهاتوودا لەڕێگەی دیاریکردنی تاوانباران، دروستکردنی تێگەیشتن لای قوربانییان و کەمکردنەوەی بۆشایی نەتەوەیی و ئایینی لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا،
- شێوازەکانی قایل کردن پێویستە بگونجێ لە گەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگای زەرەر مەند لە پێشێلکاریەکان.

## 8.5 گرنتیکردنی دووبارەنەبوونەوە

- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕووداو و تاوان و ماف-پێشێلکردن و کارەساتی هاوشێوەی ئەوەی پێشوو ڕوو نادەنەوە، ئەمەش بە ئەنجامدانی چەند کارێک دەبێت وەک:

- دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەموو ئەوانەی بەقورسی مافە مرۆییەکانی کەسانی تریان پێشێل کردووە دادگایی دەکرێن و سزای تاوانەکانیان وەردەگرن،

- کۆتاییهێنان بەو سزا و سووکایەتییانەی بەو تاک و خێزانانە دەکرێت کە گوایە پەیوەندییان هەیە بە داعشەوە هەیە، ٠

- گەڕانەوە بۆ یاسای دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی/ ڕۆما،

COALITION FOR JUST REPARATIONS

Jiyan Foundation for Human Rights

- دووبارە پێناسەکردنەوەی تاوانی دەستدرێژیی سێکسی و ئەو ڕێکارە یاساییانەش کە لەم حاڵەتەدا دەگیرێنەبەر بۆ دادگاییکردنی ئەوانەی تۆمەتبارن بەشێوەیەکی ستانداردی نێودەوڵەتی

- دروستکردنی گرەنتی و میکانیزمی پێویست کە ڕۆڵیان دەبێت لە بەرەوپێشبردنی سەلامەتیی جەستەیی کەمینەکان،

- دروستکردنی گرەنتی و میکانیزمی کاریگەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەمینەکان دەتوانن بەشداریی سیاسییان هەبێت لەسەر ئاستی شارەوانی و هەرێم و فیدراڵی

- لابردنی ئەو بڕگانەی ماوە و سەردەمیان بەسەرچووە لە یاسای تاوانی عێراقیدا و ڕێگە بە خەڵک دەدەن ئەو تاوانە بکەن و سزاش نەدرێن بەمەرجێک ئەگەر کەسی قوربانی مارە بکەن و نەهێشتنی ئەو مافەی پیاوانیش کە توانای ئەوەیان دەداتێ هەڵسوکەوتی ژنەکانیان ڕێکبخەن (ژنەکانیان سزا بدەن).

- بە تاوان ناساندنی ئەو دەستدرێژییانەی لە چوارچێوەی هاوسەرگیرییدا دەکرێنە سەر ژنان،

- دان نان بە ماددەی ٢ و ١٦ لە یاسای نەهێشتنی هەموو جۆرێکی سووکایەتیکردنێک بە ژنان و دڵنیابوونەوە لەوەی یەکسانی لە هەموو ئەو کێشانەدا بەدی دێت کە پەیوەندیدارن بە خێزان و پەیوەندییە خێزانییەکانەوە.

- قبووڵکردنی دۆسیەی تاکەکەسی لەژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان ICCPR، ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە CAT، هەروەها CEDAW.

- ئاساییکردنەوەی یاسای عێراق لەگەڵ ئەو خاڵەدا کە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە ئازادانە ئایینێک یان بیروباوەڕێک هەڵبژێرێت و پەیڕەویی بکات.

## بەشی نۆیەم

### دابینکردنی سەرچاوەی داراییی بۆ قەرەبووکردنەوەکان

دەسەڵاتدارانی عێراق دەبێ سپۆنسەری سەرەکیی پرۆگرامی نیشتیمانی قەرەبووکردنەوە بە. دەبێت هانی نوێنەرانی وڵاتان بۆ پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان بدرێت تا لە هەوڵەکانی عێراق بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانییان بەشدار بن، ئەمەش یان بە بەخشینی پارە یان دابینکردنی ئەو پێداویستییانەی وەک قەرەبوو بەکار دێن، هەروەها ڕێکخستنەوەی قەرزە دەرەکییەکانی عێراق یان لە هەر ڕێگەیەکی دیکەوە.

COALITION FOR JUST REPARATIONS —CJR—

Jiyan Foundation for Human Rights

بەپێی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر چەکداری بیانی داعش لەو درندەییانەی دەرهەق بە خەڵکی عێراق کران ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا، دەبێت هانی ئەو وڵاتانە بدرێت کە چەکدارەکان هاوڵاتییانن ، ئەرکی ئەخلاقیی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی بە قوربانییان گەیشتووە بگرنە ئەستۆ و پشتگیریی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ پرۆگرامی قەربووکردنەوە لە عێراق بکەن.

## بەشی دەیەم

قورسیی سەلماندن

دڵنیابەرەوە لەوەی ستاندەردەکانی ئەو بەڵگانەی بەرکاردێن بۆ دیارییکردنی ئەو قوربانیيانەی پرۆگرامی قەرەبووکردنەوەکە دەیانگرێتەوە، نابێت بایی هێندە داواکاریی زۆر لەخۆ بگرن، کە بارێکی بێمانا قورس بخەنە ئەستۆی قوربانییەکان. لە بنەڕەتدا، دەبێت ئەو وتانەی لەژێر سوێندی یاساییدا بۆ ڕاستیی و دروستی ئەو ڕووداوانەی باس کراون دراون، بەس بێت بۆ ئەوەی وەک بەڵگە وەربگیرێت. دەشبێت بۆ پێشێلکارییە گەورەکان لە مافەکانی مرۆڤدا ئەگەری ئەوەی قوربانییەکە دووچاری زیانی زیهنی بووبێت بەهەند وەر بگیرێت.

## بەشی یانزەیەم

بەدۆکۆمێنترکردن

پێش ئەوەی هەر جۆرە بابەتێکی دیکە بە دۆکیومێنت بکرێت، دۆکیومێنتی ئامادە و بەردەستی پێشێلکارییە گەورەکان لە مافەکانی مرۆڤدا بەکار بهێنرێت کە لەلایەن لایەنە حکومیی و ناحکومییەکانەوە ئامادە کراون بۆ هەڵسانگاندنی داواکاری قەرەبو کردنەوە بەرلەوەی کەهەر بەڵگەنامەیەکی تر کاری لەسەربکرێت.